# وتووێژ لەگەڵ
# هاوڕێ کرماشانی

*بەشێک لە ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامی، بەتایبەتی سەڵتەنەتخوازەکان و کەسانی وەک شەهریار ئاهی، لە سەرەتای پێکهاتنی هاوپەیمانییەکان لە شۆڕشی ژینادا بە ڕاشکاوی باسیان لەوە دەکرد کە ئێمە دەمانەوێ لەگەڵ تاکەکاندا هەڵسوکەوت بکەین نەک لەگەڵ ڕێکخراوە و حیزبەکاندا. پێتان وایە هۆی گرتنەبەری ئەم شێوەیە لە کرداری سیاسی چییە؟ دەکرێ شیکردنەوەی ئێوە لەم بارەوە بزانین؟*



ئێرانی نیە، بەڵکوو شێوازێکە لە بیرکردنەوە، چەشنە ستراتژییەکی دژبەرانەیە کە مێژوویەکی لە پشتەوەیە و عەقڵیەتێک لە دەرەنجامی ئەو مێژووەدا بیچمی گرتووە کە نابێ سووک بۆی بڕوانین. من ئەمەوێ ئاوا لێکیدەمەوە: لە سەردەمی مەشرووتە بەملاوە کە لە دەرەنجامی ئاشنایەتی لەگەڵ دنیای ڕۆژاوا کەڵکەڵەکانی شوناس و یاسا بوو بە بنەمای ئەو بزووتنەوەیە، و بە شکست هێنانی مەشرووتە جۆرە عەقڵیەتێکی سانترالیستی لە سەر نەریتی پاشایەتیی زیلولاهی و قیبلەی عالەمی بیچم دەگرێ و لە ئەنجامدا بە هاتنە سەر دەسەڵاتی ڕەزاخانی پەهلەوی ئەو عەقڵیەتە سانترالیستییە لە کەسایەتیی ڕەزاخاندا دەردەکەوێ. هەرچەندە بە ڕواڵەت مەجلیسی شووڕای میللی درێژە بە کارەکانی دەدا و هەوڵەکانی دارشتنی قانون بەردەوام دەبێ و لە ئەنجامیشدا ئێران دەبێ بە خاوەنی یاسا، بەڵام سەرەڕۆیی پاشا کە هەموو شتەکانی لە دەست و دەسەڵاتی خۆیدا قۆرخ کردووە و ڕوانگەی تاک نەتەوەیی و تاک زمانیی و هەوڵ بۆ سڕینەوەی جیاوازییەکانی جوغرافیای ئێران وەک تاکە ستراتێژیی مومکین دەسەپێتە سەر پارلەمان و دەخزێندرێتە ناو یاسا و بە کردەوە مەشرووتە دەگۆڕێ بۆ دیکتاتۆرییەک کە بە سوورا و سپیاوی مۆدێرن دەرازێندرێتەوە و دەسەڵاتی سانتراڵیستی هیچ جۆرە جیاوازییەکی پێ قبووڵ ناکرێ. بۆیە هەموو نەتەوە نافارسەکان، دەکەونە بەر هورووژمی سیاسەتەکانی پاکتاوی ڕەگەزی. لە پەنای ئەم دەسەڵاتە سانتراڵەدا عەقڵیەتی سانتراڵیستییش لە ڕێگەی دامودەزگا مۆدێرنەکانی وەک وەزارەتی مەعاریف و زانکۆ و ... وردە وردە پەروەردە دەبێت. ئەم شێوازە لە دەسەڵات دڵخوازی سانتراڵیست و ناوەندخوازەکانە و تا ساڵی ۵۷ی هەتاوی کە سیستەمی پەهلەوی نغرۆ دەبێت و شۆڕشی گەلانی ئێران دێتەئاراوە و تەنانەت دوای ئەوەش لە سەردەمی کۆماری ئیسلامیدا درێژەی دەبێت و لە هەموو دامودەزگاکانی دوای شۆڕش هەمان ستراتێژیی ناوەند خوازیی پێڕەو دەکەن. و تەنانەت لە ڕوانگەی ئێستەی ئۆپۆزیسیۆنی کۆماری ئیسلامیشدا بوونی هەیە. هەر ئەوەی کە ئۆپۆزیسیۆن بووەتە دووبەشی ناوەند خواز و فیدراڵیست خۆی بەڵگەیەکە لە سەر ئەوەی باسم کرد. جا سیستەمی سانتراڵ و دیکتاتۆر لە بەرژەوەندیی کێ دایە، بە بڕوای من لە بەرژەوەندیی فارسەکانیشدا نیە. لەبەر ئەوەی ئەگەرچی ئەوان دڵخۆشن بەو وەزعەی کە زمان و کولتووریان باڵادەستە و هەموو جمگەکانی دەسەڵات و حکوومەت و هەموو هێز و توانای ئابووریان بۆخۆیان قۆرخ کردووە، لە هەمان کاتدا لە بواری سیاسییەوە زەرەرمەند بوونە. دەسەڵاتی سانتراڵ هەموو هێز و توانای خۆی لە ناوەنددا کەڵەکە دەکات، لە باری نەتەوەییەوە ئەیەوێت

هـــــــەموو نەتەوە نافارســـەکان بسڕێتەوە. سیســـــتەمی ســـــانترالْ تەنانەت لـــە باری ئابووریشـــــەوە بەڕادەی پێویســــت دەرفەتی گەشـــــەی نیە، لەبـــاری کۆمەلاَیەتیشــــەوە دیســـــان کێشــــەی هەیە بۆیە ناکەوێتە سەر هێڵی گەشـــــە و پەرەپێدان. هێڵی گەشـــــە پێویســــتی بە عەقڵیەتێکی پلـــــۆرال هەیە بەتایبـــەت لـــە جوغرافیای پـــان و بەرینی ئێرانــــدا کە جیا لـــە پانتایــــی و بەربلاَوی جیاوازیــــی زمانـــی و نەتەوەیـــی و ئایینی، لە بـــاری ژێئۆمۆرفۆلۆژیشــــەوە زۆر جیاواز و تایبەتـــە و لـــە بیـــاوان و لمـــەوە تا ئاو و زەریا و لـــە جەنگەڵ و ســـەوزەلاَنییەوە تـــا کوێســـتان و دەشـــتی بەریـــن لـــە کـــەش و هـــەوای گەرمـــەوە تا ســـارد و موعتـــەدڵ هەمووی هەیە بۆیـــە عەقڵیەتی پلـــۆرال ئەتوانێ بـــەرەو گەشـــەی ببات. دەرباز بـــوون لە عەقڵیەتی سانترالیســـتی، دەربازبوونـــە لـــە هەژاریی ئابـــووری لەبەر ئـــەوەی ئەبێ هەموو جوغرافیـــاکان بە پێی سروشت و پوتانسیەلیان دەرفەتی کەڵەکەی ســـەرمایەیان بۆ بڕەخســـێ، دەربازبوونە لە تاک دەنگی و تـــاک زمانی و تاک نەتەوەیی. دیمۆکراســـی ئەوە نیـــە پارلەمانێکت هەبێ بڕیارەکانـــی نەگاتە ئەوبـــەری دەرگاکەی، هیچ وڵاتێک بە بێ دامەزراوەی ســـەربەخۆ و کارامە وک پەرلەمان و سیســـتەمی دادگا و دامەزراوەی جێبەجێـــکاری دەوڵەت، پێ نانێتە قـــۆنـــاخی گەشەی سیاسییەوە گـــەشـــــەی ســـیـــاسیش بنەمای هەمـــوو گەشـــە و پێشـــکەوتنەکانی ترە. عەقڵیەتی سانتراڵیســـتی ئێرانی ترســـێکی فۆبیایی لە پلۆرالیـــزم و لامەرکەزیەت هەیە. ئـــەو فۆبیایەش بەرهەمـــی وەهمە، وەهمی رەســـەنایەتی مێژوویی و روانگەی ئارکائیک بۆ شـــوناس کە هەمووی لە ســـەر بنەمای درۆ و ســـاختەیە، بۆیـــە تەنانـــەت دەرک پێناکـــەن کە ئەوەی ئێســـتە لـــە تاران و ناوەنددایە بەرهەمی ســـانترالیزمە، بە زیاتر

لە شـــەش مانگ کوردســـتان لە شـــەڕی دەســـتەویەخەی شـــەقامدا بـــوو ئـــەوان تەکانیـــان نەخوارد. من لەســـەر ئەو بڕوایە نیم کـــە گەوهەری مرۆڤی کـــورد جیاوازە، بەڵکوو لای ئێمە حیزبایەتـــی کولتوورێکی ســـاز کردووە کە ئـــەوەی لێدەکەوێتەوە کە کردیان، بـــەلاَم لای ئەوان حیـــزب بوونی نەماوە. راســـتە کۆماری ئیســـلامی دژایەتی هەمـــوو دەنگ و حیزبێـــک دەکا کە لەگەڵ بنـــەمـــا ئیدیۆلۆژیکەکانیدا تەبا نەبێت رەنگە سانترالیســـتەکان دڵخـــۆش بن بە چەوســـاندنەوەی پەراوێز، دڵخۆشیش نەبن دیـــارە دەرکی پێناکەن کـــە دیاردەگەلێکی وەکـــوو کۆڵبـــەری و ســـوتەمەنی بەری بەرهەمـــی هەمـــان عەقڵیەتە. راســـتە لە سیاســـەتی سانترالیســـتی دا کەمترین پارە و ســـەرمایە دەگاتە پەراوێزو هەمووی لای ناوەنـــد کەڵەکـــە ئەبێت، بەلاَم لـــە باری سیاسیشـــەوە هەمـــان قاعیـــدە حاکمە. واتە هێـــزی دەســـەلاَت لە ناوەنـــددا، بۆ لەناوبردنـــی هەموو حیزبـــە جۆراوجۆرەکان زیاتـــر و کاریگەرتـــرە و لە حاشـــیەدا ئەو هێـــزە لاوازترە، ئـــەو بێ دەنگیـــەی تاران دەرەنجامـــی هەمان هێزی ســـەرکوتکەرە کـــە هەمـــوو حیزبەکانی تووچانـــدووە لە حیزبی تـــوودەوە بگرە تـــا حیزبی میلەت و جەبهەی میلی و فەدایـــی و موجاهدینی خەڵـــق و ... بەڕادەیەک کە ئـــەو حیزبانە تەنیـــا ناویان مـــاوە و لە نـــاو خەڵکدا بە شـــێوەیەکی هەمەگیر بوونیان نیە تا ئێستە لە ئەنجامی رێکخســـتنەکانی ئـــەوان تاران لـــەو پاســـیڤییە دەربێت. بـــەلاَم دەبینین لە کوردســـتان حیزبایەتی زینـــدووە و ئەو حیزبانەش توانای رێکخســـتنیان لە ئاستی کۆمەڵـــگادا هەیە، کوردســـتان وڵاتی تاک حیـــزب و تاک دیســـکورس نیە. راســـتە ئێمە بەشـــێکین لـــە وڵاتێکی ســـانتراڵ، بەلاَم لە کوردستان چەشـــنە پلۆرالیزمێکی حیزبـــی بوونی هەیە کە ســـەرەڕای ئەوەی

ئەو حیزبانە دژبەری کۆماری ئیسلامین و ناپاسایین، بەڵام هەر هیچ نەبێ خاوەنی هێڵی هزری و ستراتژیی تایبەت و جیاوازن لە ئاستی کۆمەڵگای کوردستاندا، شەش مانگ خۆڕاگریی و نارەزایەتیی سەر شەقام بەرهەمی ئەو کولتوورەیە. سانترالیزمە کە شاپووری بەختیار و دوکتور قاسملو و شەرەفکەندەی لە ئورووپا تیرۆر دەکات، هەمان سانترالیزم داریووش و پەروانەی فرووهەر لە تاران چەقۆگاز دەکات و موحەمەدی موختاری و سەعیدیی سیرجانیش دەکوژێت.

*پێشنگ: لە کاتی بزووتنەوەی ژینادا شێوازێکی پۆپۆلیستی لە دروشمی لایەنە ئێرانییەکاندا دەبیندرا کە بانگەشەی ئەوەیان دەکرد دەبێ هەموومان پێکەوە و یەکدەنگ بین تا ڕژیمی کۆماری ئیسلامی بڕووخێنین، ئەوکات دەکرێ باس لە جیاوازییەکان و ڕژێمی داهاتووی ئێران بکەین. ئێوە پێتان وایە ئەم مێکانیزمە بۆ ڕووخانی ڕژێم گونجاوە؟*

ئەو جۆرە دەربڕینانە بە نیسبەت کوردستانەوە، کە ئێستە کاتی ئەوە نیە باسی جیاوازییەکان بکرێت و کاتی یەکدەنگی و یەکیەتییە؛ لە ڕاستیدا ئەوە نیە خۆیان جیاوازییان وەلاوە نابێ و داوای هاورێیەتی لە ئێمە بکەن، بەڵکوو ئەمە خۆی هاوارێکی بەرزە کە ئەیەوێ تۆ کوێلەی ئەو بیت، لای ئەو یەک دەنگی و یەک ڕەنگی یەک مانای هەیە ئەویش ئەوەیە تۆ ببیتە ئەو، ئەگینا خۆیان باسی هەموو شتێک ئەکەن. خۆیان بە چەق داناوە و وێنەیەکیان بۆ داهاتوو و یاسا و ئازادی و دیمۆکراسیی کێشاوە کە تۆ ڕۆڵێکت تێدا نەبێت، یان زۆر بە لاوازی و لە پەنای ئەودا دەرکەوی. جیاوازیی بۆ ئەو مانای نیە، ئەبێ هەمووان تەسلیمی ئەو بۆچوونەی ئەوان بن. لە کاتی قەیراندا زمانیان نەرم دەبێ و بۆ ئەوەی تۆ سەرقاڵی هەندێ دەستەواژەی بۆش و بێ بنەما بکەن. بۆ نموونە ئازادی و دیمۆکراسیی دڵخوازی هەموو کۆمەڵگاکانە، بەڵام ئەم ئازادییە و ئەم دیمۆکراسییە ئەبێ پانتایی وسنوورەکانی و هەموو شتێکی ڕوون بکرێتەوە و بێتە سەر کاغەز. بە بۆچوونی من ئەمە هەمان دۆخی سەرەتای هاتنە سەرکاری کۆماری ئیسلامیە، بڕیار وابوو هەموو حیزبەکان ئازاد بن، لانی کەم قەوڵی خودموختاریشیان بە کورد دا، هەموو ئەمانە فێڵ بوو بۆ ئەوەی ئێمە سەرقاڵ بکەن، دوایی فەرمانی جیهادیان دەرکرد و هێرشیان هێنایە سەرمان. بە نیسبەت پانتایی ئێرانیشەوە، ویلایەتی فەقیە لە دەستووردا موتڵەقە نەبوو، تا ساڵی شەست و حەفت خایاندیان، شەڕی ئێران و ئێراق کۆتایی هات و هەموو هێزەکانیان تارومار کرد و زیندانیانی سیاسیشیان قەتڵوعام کرد و مونتزریش کە خۆی تێۆریسیەنی ویلایەتی فەقیە بوو وەلانراو قەیدی موتڵەقەشیان خستە سەر برگەی یاسای ویلایەتی فەقیە. دیکتاتۆری یەکشەوە دروست نابێت. خومەینی خۆی وتی "خدعه"م کردووە، واتە فێڵم لێکردوون. بۆیە بە هیچ شێوەیەک نابێ ئەو ئەزموونە دووپات بێتەوە. ئەوە ئێستە ئێمە هێزی جووڵێنەری ئەم شۆڕشەین چاوی بینینمانیان نیە، دوایی چۆن دانمان پیا ئەنێن. هێزت نەبێ لەناو ئەچیت، دیموکراسی پێویستی بە پاڵپشتی و هێز هەیە، ئەو هێزەش بەشێکی هەرەزۆری لە دانووساندنەکاندا ئەبێ بسەپێ و خواستەکانی پێ مسۆگەر بکرێت. دیسکورسی کوردی نابێ خۆی دابەزێنێتە ئاستی ئەوان، ئەبێ خۆی بەرزتر بگرێ، لێدوان و دەرکەوتنی کەسایەتییە سیاسی و حیزبیەکانمان ئەبێ شەرمنۆکی تێپەڕێنێ، تا کەی ئەیانەوێ ئەوان ڕازی بکەن کە تەجزیەتەڵەب نین، تۆ حیزبی، ئەساسنامە

و پێڕەوی ناوخۆت هەیە، کۆنگرەت گرتووە، هەموو دەرەنجامەکانی دانیشتن و کۆنگرەکانت هەیە، ئەوە ئەوە ئەبێ زەحمەت بداتە خۆی تۆ بخوێنێتەوە، نەک ئەوەی تۆ خۆت عەرزە بکەی ئەوانیش هەر بە پاڵەپەستۆ بتخەنە دەرەوەی هێڵی تەمامیەتی ئەرزییەوە. کەوابوو لەم چل و چەند ساڵەی تەمەنی کۆماری ئیسلامیدا، تۆ ئەوەندە وتووتە من تەجزیەتەڵەب نیم، ئەو هێندە نەیوتووە تۆیش هاووڵاتی منی و مافی نەتەوەییت هەیە. کەوابوو ئەوە ئەبێ گەرەنتی بدات بە ئێمە، من بۆ ئەبێ پابەند بە تەمامیەتی ئەرزییەک بم کە مافم تێیدا دەستەبەر نابێت، بۆیە پێویستە حیزبەکانمان ئەوە بزانن، پێویستیش ناکات ئەوەندە خۆمان بخەینە داوێنیانەوە. هێزی کوردی خوازیاری ئێرانی فیدراڵ و دیمۆکراتە، ئەگەر قەبووڵتانە لە خزمەتداین، و ئەبێ گەرەنتی بدەن، قبووڵیشتان نیە ئێمە بیر لە بژاردەیەکی تر دەکەینەوە، کە هەر هیچ نەبێ کوردستان نایەتەوە ژێر دەسەڵاتتان و چی پێویست بێت ئەیکەین بۆ ئەوەی تێکەڵتان نەبینەوە. کەوابووە پێشنیاری وەلاوە نیانی جیاوازییەکان هەمان خودعەکەی خومەینیە و کورد نابێ هەرگیز بڕوا بەو قسە بێ بنەمایانە بکات. چوونکوو لە لایەکەوە ئەیەوێ حیزبە کوردییەکان وەلاوە بنێت و چارەنووووسمان بداتە دەستی جەماعەتێک سێلێبریتی پۆپۆلیست، و لە درێژەی هەمان پلاندا دەڵێت باس لەجیاوازیی نەکەن تا دوای کۆماری ئیسلامی.

*ئایا دەکرێ بزووتنەوەی ژینا وەکوو بزووتنەوەیەکی فێمینیستی سەیر بکەین؟ ئەگەر وەڵامەکە ئەرێ بێت، ئایا بزووتنەوەی نەتەوەیی کورد و بەردەوامیی خەباتی نەتەوەکەمان لە پێناو ئازادیدا کە ژنانیش دەورێکی بەرچاویان تێیدا هەبووە، ناخرێتە پەراوێزەوە؟*



ئەوەی کە ئەم بزووتنەوەیە فێمێنیستییە یان نا، بەر لە هەرشتێک لە لایەکەوە دەگەڕێتەوە بۆ ئەو زێهنیەت و پێناسەیەی بۆ فێمێنیزم هەمانە. و لە لایەکی تریشەوە بۆ ئاستی تێگەیشتنمان لە کێشە و قەیران و کەلێنەکانی کۆمەڵگای ئێران و کوردستان. ڕاستییەکەی ئەڵێی شۆڕش یان ڕێڤۆلوشن، ئەوەندە بەربڵاو و فرە ڕەهەندە کە من ناتوانم قایل بە هێڵکاریی ڕەگەزی و ژن و پیاو بم. کومەڵگا پانتاییەکە بۆ هەر دوو ڕەگەز، و دەستەبەر بوونی مافی ژنانیش بە بێ ئاگایی هەردوو ڕەگەز دەستەبەر نابێت. بە گشتی لە سەر ئەو بڕوایەم ئەبێ مێشکمان لە هەموو بوارەکانەوە بگۆڕین، ئەو گۆڕانکارییەش پێویستی بە پرسیار خستنە سەر هەموو ڕەهەند و بوارەکانی ژیانی کۆمەڵایەتیمانە، لە مێژوو و عورفەوە بگرە تا ئایین و هەموو پێکهاتەی کولتووریمانە. ئەم شۆڕشە بە ژیناوە، بە کچە کوردێکەوە دەستی پێکرد، دروشمی سەرەکی ژن، ژیان، ئازادی دیسان ژن ڕۆڵی سەرەکی تێدا هەیە و بەڕاستیش هەروایە ژن و ژیان و ئازادی سێ چەمکی لێک دانەبڕاون، بەڵام ئەتوانین بڵێین لە ئاستی کوردستاندا شۆڕشی ژنانە و ژنان ڕۆڵی سەرەکی ئەبینن، لێرە مەبەست فیزیکی ژن نیە وەک یەکێک لە ڕەگەزەکانی مرۆڤ و لە بەرامبەر پیاودا، بەڵکوو لێرە زەین و هزری ژنانەیە گوڕی بەخشیوەتە شۆڕش، لێرە ژن پێشەنگایەتی شۆڕش دەکات، شۆڕشێک کە تەنیا بۆ دەستەبەر کردنی مافی ژنان نیە، بەڵکوو داواکاریی هەموو مافێکی هەیە بۆ هەموو ڕەگەز و چین و توێژەکان، شۆڕشێک

لە پێناوی هەموو ماف و ئازادییەکانی ئێمەدا کەوابوو ئەگەر لە خەباتی شاخ و پێشمەرگایەتیدا زیاتر پیاوان ڕۆڵیان ئەبینی لێرە، و لە خەباتی شار و مەدەنیدا ئەوە ژنان زیاتر ڕۆڵ ئەبینن. بەڵام ناتوانم بڵێم لە ئاستی ئێراندا شۆڕشێکی ژنانەیە، ئێمە نێدا ئاغا سوڵتانمان بینی، کچی شینی ستادیۆمی فووتباڵی ئازادی تارانمان بینی، نەبووە هەوێنی هیچ ڕاپەڕینێک، ئەمە دابەزاندنی ئەوان نیە و خۆبەرکردنەوەی ئێمەی کورد، ڕووداوەکان ئەوەمان پێ ئەڵێت، تەنیا کاردانەوەی پەیوەندیدار بە کچی شینەوە وریاغە فووری یاریزانی کورد هەیبوو. ڕاستە کوردستانیش وەک بەشێک لە ڕۆژهەڵاتی ناوەڕاست و دنیای ڕۆژهەڵات چەوساندنەوەی ژن و پێشێلکاریی مافەکانی ژنی تێدایە، بەڵام بە هەموو ئاستەنگەکانییەوە، کوردستان لە زۆر شوێنی تر باشترە. شۆڕشی ئێمە ژنانەیە، لە بەر ئەوەی لە ئاستی گشتیدا ژنانی ئێمە ئەکتیڤ تر دەرکەوتوون، دەرکەوتنی ژن لە کولتووری ئێمەدا خەلاتێک نەبووە کە پیاو پێی دابێت، وەک هەندێک لە سیاسییە نێرەکان بەو جۆرە ڕەوایەتی ئەکەن. بەڵکوو بەشێکی هەرەزۆری زەروورەتێکی مێژوویی کۆمەڵایەتی بووە کە ژن و پیاو چۆن پێکەوە لەو ماڵە هاوبەشەی هەیانە دیفاعیان کردووە، بە هەمان شێوەش لە نیشتمانیش داکۆکییان کردووە. ئەوە بەشێک، بەشێکی تری دەگەڕێتەوە بۆ سروشتی کۆمەڵگای ئێمە کە زیاتر ڕەنگ و بۆیەکی ناچرالیستی پێوە دیارە و ژن زیاتر لە شوێنەکانی تر پێگە و جێگەی هەبووە. کولتووری ئێمەش وەک هەموو کۆمەڵگاکانی تر لایەنی جوان و ناشیرن و باش و خراپی هەیە. نابێ ناشیرینییەکان نەبینین و تەنیا چەپڵە بۆ جوانییەکان لێدەین. حیزب و ئایدیۆلۆژی وامان هەیە کە نیگایەکی ئۆبژێکتێڤ و تەواو پیاوانەی هەیە بە نیسبەت ژنەوە، بەرادەیەک کە ژن لە هەموو تایبەتمەندییەکانی خۆی دادەماڵێ و تایبەتمەندییەکانی ڕەگەزی پیاوی بەسەردا دەسەپێنێ. و دواییش ئەمە بە ناو پێشەنگایەتی لە ئازادی ژندا بە خەڵک دەفرۆشێتەوە. ئازادی واقیعی سروشت و ژیانە و بابەتێک نیە کەسێک بیبەخشێت.

*چاوەڕوان دەکرا حیزبەکانی ڕۆژهەڵاتی کوردستان لەگەڵ نەتەوەکانی دیکەی ئێراندا پێکەوە مەنشوورێکیان هەبایە، پێتان وایە تایبەتمەندییەکانی ئەم مەنشوورە دەکرێت چی بن؟*

سەبارەت بە پرسیاری چوارەم، پێش هەر شتێک ئەبێ بەرەیەکی کوردستانی پێک بێت، ئەزموونی ناوەندی هاوکاری ئەبێ گەورەتر و تۆکمەتر بکرێت، حیزبەکانی ئێمە ئەبێ بزانن حیزب ئامێرێکە بۆ بەدەستەوە گرتنیدەسەڵات، و ئامانجێکی پیرۆز نیە، حیزبەکان ئامێری دەستەبەر بوونی مافەکانی خەڵکی کوردستانن، کەوابوو هاوکات کە مافی ئەوەیان هەیە جیاوازییان لەگەڵ حیزبە ڕەکەبەرەکانیاندا بپارێزن، لە هەمان کاتدا نابێ بە جووڵەی نارەوا بەرەی کورد لاواز بکەن. ئەمە لە حیزبەکان، لە بەستەری مەدەنیشدا ئیرادەی ئامانجی سەرکەوتن و داخوازیی مافەکانمان بینی، هەموو چین و توێژ و بیرێک هاتە سەرشەقام و یەکدەنگ داوای مافی ڕەوای کوردستانیان دەکرد. بۆیە یەکەم هەنگاو پێکەوەنانی ماڵی کوردە، کە ئەمەمان کرد دوایی بە بۆچوونی من دوو بژاردە لە بەردەممان دایە، یەکەم نزیک بوونەوە لە ناوەندخوازەکان و هەوڵدان لە پێناوی

گۆڕینی روانگەی ئەوان لە ئێرانێکی تاک نەتەوەیی و تاک دەنگەوە بۆ ئێرانێکی پلۆرال و دیموکراتیک، کە ئەمە بە پێی ئەزموون زۆر زەحمەتە و ئەنجامی نابێت، چونکوو ئەوان لە باشترین حاڵەت و تەنانەت ئەوانەی لە دەرەوەی دەسەڵاتن، دان بە مافی شارۆمەندیدا ئەنێن ئەویش بە قسە و هێشتا دەرفەت نەرەخساوە ببینین بە کردەوە چۆن دەبێت. پێشمەرجی ئەم مافی شارۆمەندییە بۆ ئەوان وەلاوەنانی داخوازییە کۆیی و جوغرافیایی و نەتەوەیی یان بە قسەی خۆیان قەومیەکانە. بژاردەی دووهەمیش ئەوەیە کە بیر لە پێکهێنانی بەرەیەک پێکهاتوو لە نەتەوە ژێردەستەکانی پانتایی ئێران بکرێتەوە، یان بە واتایەک ئیئتلافی پەراوێز بێت لە بەرامبەر ناوەنددا. بەڵام ئەمیش کێشە و ئاستەنگی زۆرە، وەک دەزانین نەتەوەکانی تری ئێران، وەک ئێمەی کورد کولتوور و دیسکۆرسێکی تۆکمەی سیاسییان نیە و بەو رادەیە چالاک نین کە لەگەڵیان هاوپەیمانییەک پێک بێنین. ئەوە ئەهواز و بەلووچستان و ئازەربایجان و تورکمەنەکان ، جگە لە بەلووچستان کامەیان هاتنە سەر هێڵ. ئەمە هەمان دۆخی دوای شۆڕشی پەنجا و حەوتە کە ئەودەمیش وەک ئێستە نەتەوەکانی تری ئێران داخوازییەکی ئەوتۆیان نەبوو، دروشمی خودموختاری بۆ کوردستان و دیمۆکراسی بۆ ئێران خۆی سەلمێنەری ئەم قسەی منە، ئەگینا ئەیانوت خوموختاری بۆ نەتەوەکانی ئێران نەک تەنیا بۆ کورد، بەڵام جگە لە کورد کەس دەنگی ئوتۆنۆمی خوازیی بەرز نەکردەوە . بۆیە نابێ ئێمە ئەو ڕاستییەی ئێستەش نەبینین، شەش مانگ ئێمە لە سەر شەقام بووین کام دەنگی شوناسخوازانەمان لە ئەزەربایجان و لوڕستان و ئەهواز بیست؟

ئەمە یەکێک لە گرفتە جیدییەکانی ئێمەیە، لە لایەکەوە ناوەندخوازان خواستەکانی تۆ بە هەڵپەسێردراوی دەهێڵنەوە بۆ دوای رووخانی کۆماری ئیسلامی و ئەمەش فێڵێکی روونە و نابێ فریوی بخۆین، لە لایەکی تریشەوە نەتەوەکانی تری ئێران هێندە تەیار نین کە هیوامان بە رێکخستنێک بێت لە سەر ستراتیژیی پەراوێز لە بەرامبەر ناوەندەوە. لە ئەنجامدا کورد ئەبێ لە هەردوو بوارەکەدا هەواڵی خۆی بدات، بەڵام هەوڵی سەرەکی دەبێ پشت بەستن بە هێزی کوردستان بێت، بیری تەسکی حیزبی و سەرەڕۆیی سیاسی دەبێ وەلاوە بنرێ، کۆمەڵگای رۆژهەڵات نابێ قبووڵ بکات کە ئاراستەی گشتی و نەتەوەیی کورد بگۆڕێ بۆ ئاراستەی حیزبی.

**تیشک:** *هەندێک پێیان وایە داواکارییەکانی بزووتنەوەکە لە هەندێک شوێنی وەک کوردستاندا جیاواز لە ناوچەکانی دیکەی ئێران بووە و ڕەنگ و بۆنی نەتەوەیی/ئەتنیکی بەخۆوە گرتووە، کە واتە ناکرێ لە یەکەیەک وەکوو خەڵکی ئێران قسە بکەین. ئێوە چۆن ئەم باسە شرۆڤە دەکەن؟*



نەخێر ناکرێ وەک خەڵکێکی یەکە حسێب بۆ حەشیمەتی ئێران بکرێت و لە ڕاستیدا وشەی خەڵک لە لایەن عەقڵیەتی ڕاسیستیەوە بۆ شاردنەوە و پەراوێز خستنی هەموو جیاوازییەکان بەکار دەبرێت، ئالێن بەدیۆ ئەڵێت هەرکات وشەی خەڵک وەک سفەتی پێوەندیدار بە ناسنامە و نەتەوە یان نەیشنەوە ببرێتەکار، هیچ جێگای متمانە نیە. خەڵکی یەکەی ئێران بوونی نیە، و ئەو یەکە بوونە نیشانەی ئیرادەیەکی ئایدیۆلۆژیک و پۆپۆلیستیە، کام خەڵک، ئەو

خەڵکەی کە خاوەن بڕیارن و ساڵەهایە لەم وەزارەتخانەوە بۆ ئەو وەزارەتخانەکەی تر هەوار دەگوێزنەوە؟ ئەو خەڵکەی بنەماڵەی مەلاکانی تاران و پێوەندیی خوێنی و ئابووری و مافیایی و ... یان هەیە؟ ئەو خەڵکەی بەڕۆژانە بە دووی نانێکی بژی و مەمردا وێڵن، کام خەڵک، خەڵکی کەمینە ئایینییەکانی وەک بەهایی و ئەرمەنی و زەردەشتی؟ یان خەڵکی قارنا؟و قەلاتان؟ ئەو خەڵکەی خومەینی فەتوای جەهادی دا و هێرشی کرایە سەر؟ یان ئەو خەڵکەی بە دەم فەتواکەی خومەینییەوە چوون و بەچەکەوە هێرشیان هێنا بۆ کوردستان؟ هەموو ئەمانە بەڵگەن لە سەر ئەوەی چەمکی خەڵکی یەکە درۆیەکی حاشاهەڵنەگرە و بنەمایەکی پۆپۆلیستی و فریودەرانەی هەیە. بزووتنەوەی ژینا، بزووتنەوەی کوردستانە، تەشەنەی سەند بۆ شوێنەکانی تری ئێران و بێ گومان روانگە و هزر و داخوازی کوردستان جیاوازە. کوردستان هەر لە مێژە خەبات ئەکات لە پێناو ماف و داخوازییەکانیدا، و ئەو داخوازییانەش بە پێی مافە پێشێلکراوەکانی جیاوازیی هەیە لەگەڵ شوێنەکانی تردا. کوردستان دژ بە هەموو هەڵاواردنێک وەستاوەتەوە، ئابووری، کۆمەڵایەتی، رەگەزی جوغرافیایی، حوقووقی، چینایەتی کە بەڕای من هەموویان دەچنە خانەی مافی نەتەوایەتییەوە. لەبەر ئەوەی هەموو هەڵاواردنێک ریشەی لە هەڵاواردنی نەتەوەیی دایە. بۆ نموونە نابەرابەریی چینایەتی، پێوەندی راستەوخۆی بە سیاسەتی ناوەند پەراوێزەوە هەیە کە بمانەوێ و نەمانەوێ نەتەوەییە، ئەگەر ئایینی و ئاینزایی با، دەبوو پارێزگای ئیلام و ئەو بەشەی پارێزگای کرماشان و سنە کە سەر بە ئاینزای شیعەن دۆخی ژیانیان باشتر لەسنە و مەهاباد بایە، کەچی دەبینین وەها نیە.

**ئایا سەرکەوت دەتوانێ بزووتنەوەی ژینا لەناو بەرێ؟ ئێوە داهاتووی ئەم بزووتنەوەیە چۆن دەبینن؟**

سەبارەت بە سیاسەت و میکانیزمەکانی کۆماری ئیسلامی بۆ سەرکوتی بزوونەوەی ژینا، بێ گومان هەموو دەسەڵاتێکی سەرەڕۆ و دیکتاتۆری هەوڵی خۆیان ئەدەن بۆ کپ کردن و سەرکوتی دەنگی نارەزایەتی خەڵک. کۆماری ئیسلامیش لەم پێناوەدا، هەوڵی زۆری داوە و هێشتاش بەردەوامە لێی. تا پێش شۆڕشی ژینا بابەتی حیجاب بۆ شاردنەوەی گرفتی ئابووری و گرانی و زۆر کێشەی تر، سەرەڕای هەموو ئەو کێشانەی کۆماری ئیسلامی گیرۆدەیەتی، بوو بە ئەولەویەتی یەکەم، تا ئەوەی هەر ئەو بابەتە بوو بە هۆی شەهید بوونی ژینا و دواییش سەرهەڵدان و پەرەسەندنی شۆڕش. لە پاش شۆڕشیش دەسەڵات دیسان بە هەمان میکانیزمی حیجابەوە ئەیەوێت ئەم بزووتنەوەیە و کۆی جووڵانەوەی کوردستان لە مەعنا داماڵێت، بەردەوام لە هەوڵدایە ئەم شۆڕشە دابەزێنێ بۆ بێ حیجابی و بێ حیجابییش بە بەرەڵایی مەعنا دەکاتەوە. بەڵام ئەم بزووتنەوەیە وەستانی بۆ نیە، چونکوو لە لایەکەوە و لە دنیای میدیا و سۆشیاڵ میدیادا ئاستی وشیاریی خەڵک زۆرتر لەوەیە کە کۆماری ئیسلامی بتوانێ .